# بۆ پێکەنین ئەحمەد دەشتی

ئەم جارەش هەموو کاتێکتان هەر شاد و خەندان و پر لە ئاوازی خۆشی بێت ، با دیسان بەم چەندد نکتانە کەمێ دڵمان شاد بکەین و دەمێ پێ بکەنین ، بە هیوام کە جێگەی دڵخۆشی خوێنەرانی ئازیز بێت و ببێتە هۆی بزەی سەر لێوان.

# پزیشکییەتی مەلا

ڕۆژێکیان مەلا پڕوپاگەندەی پزیشکی بۆ خۆی دەکرد و دەیگوت هەر نەخۆشیک بێتە لام دەتوانم چاکی بکەمەوە،کابرایەکیش کە فەرخە میشکێکی خواردبوو هێنایانە پێش مەلا تا چارەسەری بکات فەرخە مشکەکە لە گەرووی کابرا بێتتە دەرەوە ، مەلاش بیری کردەوە کە چی بکات باشە و گوتی:فەرخە پشیلەیەکی بێنن و لە ناو گلاسێک ئاوی کولاو بتوێننەوە و لە ناو دەوی کابرای بکەن و لەو کاتە دا فەرخە مشکەکە دەترسێت و لە گەلووی دێتە دێتە دەرەوە و لە ترسان دەردەپەڕێت.

*

# بۆ بەغدا چوونی مەلا

ڕۆ ژیکیان کابریەک هاتە لای مەلاو گوتی:جەنابی مەلا تکات لێ دەکەم نامەیەکم بۆ دۆستەکەم کە لە بەغدایە بنوسە،مەلاش سەری تەکان داو گوتی:کابرا لێرە برۆ من ئەوەندەم کار هەیە کە هەلی چوونە بەغدام نیە.

کابرایەکە کە لە قسەی مەلا نەدەگەیشت گوتی:

جەنابی مەلا من تەنیا داوام لە تۆوە کردووە کە نامەیەکم بۆدۆستەکەم کە لە بەغدایە بنوسی!من نەم گوتووە تۆ بچیتە بەغا.

مەلا بزەیەکی هاتی و گوتی:دەزانم چونکە خەتی من ئەوەندە ناخۆشە ئەگەر نامەت بۆ بنوسم دەبێ بۆ خۆشم لە گەل نامەکەدا بچم تا لەوێندەر بۆی بخوێنمەوە.

*

# پرسەی جوجەلەکان

مەلا مامرێکی هەبوو کە چەند جووجەلەی بە دونیا هێنا بوو،ڕۆژێکیان لە ناکاو مریشکەکەی دەمرێت،مەلاش پارچە قوماشێکی ڕەش پەیدا دەکات و بۆ هەر جوجەلەیەک پارچەیەک دەبیێت و کونی دەکات و بە ملی هەریەک لە جووجەلەکانەوە دەکاتن،یەکێک لە دۆستانی مەلا ئەمە دەبینێ،لە مەلا دەپرسێت دەلێ بۆچی ئەو پارچەقوماشە یەشانەت لە ملی جوجەلەکانەوە بەستووە؟مەلاش دەلێت:دۆستی ئازیز بە داخەوە دایکی ئەم جوجەلانە مردووەو ئەوان ئیستا پرسە دارن بۆ دایکیان.

*

# کارەکانی دەرەوەو ناوەوە

ڕۆژێکیان هەوالیان دا بەمەلا کە مالەکەی ئاگری گرتووە،وا باشە کە هەرچی زووترە بچێتەوەو هەنگاو بۆ کوژانەوەی ئاگر باوێت،بەڵام مەلا زۆر بە خوێن ساردیەوە گوتی:من لە گەڵ ژنەکەم کارم دابەش کردووە،هەرکارێ کە لە ناو ماڵەوە بێت دەبێ ژنەکەم ئەنجامی بدات و هەر کارێکیش کە لە دەرەوە بێت ئەوا دەبێت من

ئەنجامی بدەم،ئێستا ئێوە وا باشە کە زەحمەت بکێشن ئەو هەواڵە بۆ ژنەکەم بەرن،چونکە ئاگر گرتنی ماڵەوە شتێکی ناوەوەیە دەبێ ژنەکەم کاری پێویست لەو بارەوە ئەنجام بدات و ئاگرەکە بکوژێنێتەوە.

# مەلاوکەرەکەی

ڕۆژێکیان مەلا دارێکی زۆری لە کەرەکەی بار کردبوو ، بۆ خۆشی لە سەر بارە دارەکە دا لە سەر پێیان ڕاوەستا بوو،کەری بێچارەش لە بەر گرانی بارەکەو سوار بوونی مەلا لە سەر بارە دارەکەوە زۆر بە زەحمەت بە ڕێوە دەڕۆیشت،هەندێ کەس کە ئەوەیان بینی کە وا مەلا بە ڕاوەستاوی سواری بارە دارەکە بووە لە مەلایان پرسی و گوتیان:ئەوە بۆچی تۆ لە سەر بارە دارەکەی سەر پشتی کەرەکەت ڕاەستاوی و ڕووە نانیشی؟ هەتا خۆت و کەرەکەشت ئاسودەتر بین مەلاش گوتی: من مرۆیەکی خاوەن ویژدانم نامەوێ ئەو هەموو قورساییەی کە من هەمە لە گەل ئەم بارەدارە بکەوێتە سەر پشتی کەرەکەمەوە.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET